**ئایا** دەتوانین ئەرك بگێڕینەوە بۆ هونەر و ئەدەب؟ ڕەنگە ئەمە ئەو پرسیارە بێت کە سالآنێکی زۆرە لێی دەترسین. پرسێکە کە نایەوێت ئەدەب و هونەر ئەرکیان هەبێت و تەنیا جوانیین لەپێناوی جوانیدا. وەك بلێی گەر هەر ئەرکێك بدەینە کۆلی هونەر و ئەدەبدا، ئیتر ئایدۆلۆژی دەبنەوە و لە ئێستاتیکا دەکەون. لەڕاستیدا دەکرێت بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان، هەم هەلگری ئێستاتیکایەکی بەرز بن و هەم سیاسی و ڕادیکالیش. لانیکەم لەو ڕووەوە دەتوانن ڕادیکال و نوێگەر بن، کە ئاسۆی تر لەبەردەم ژیانی ڕۆژانە و بگرە کۆی جیهانبینیی مرۆڤەکاندا بکەنەوە. ئەم ئاسۆیانە گەرچی لەڕوالەتدا و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سیاسی نین، بەلآم دەتوانن دەرگا لەسەر گۆڕانی سیاسی و کۆمەلآیەتی و هتد بکەنەوە. واتە گەر نەتوانن ڕاستەوخۆ جیهان بگۆڕن، خۆ دەتوانن دەستکاریی هۆشیاریی مرۆڤەکان بکەن و سازوئامادەیان بکەن. لێرەشەوە ئەو تۆمەتەی کە دەلێت هونەر و ئەدەب ناتوانن منالێك لە برساندا ڕزگاربکەن، بەجۆرێك لە جۆرەکان لادەچێت. وەکچۆن سیاسییەکان و ڕۆشنبیرەکان و مامۆستا و دکتۆر و هتد پێویستی بە دەرگیربوون و بەشداریی سیاسی هەیە، ئەدیب و هونەرمەندەکانیش هەمان زەروورەت و بەرپرسیارییان لەسەر شانە. پێویستە هەر ئەدیب و هونەرمەندێك، ئەم بەرپرسیارێتییە لەبەرچاوبگرێت و سیاسەت لەو پێناسە قێزەون و عەوامانەیە پاك بکرێتەوە کە دەلێت: سیاسەت زۆلە و دایك و باوکی نیە و جێی متمانە نیە. سیستەم لە سەدان پارچەی ورد و گەورە و نارێك و پێکداچوو پێکدێت و هیچ بکەرێك نیە بەرپرسیار نەبێت..........................

# دەربارەی سیاسەت و هونەر

**جان مالینۆ**

و. وەلید عومەر

هەمیشە سیاسەتە پێشکەوتنخوازەکان و هونەر، هەڵقە و پەیوەندیی بەرفراوانیان پێکەوە هەبووە. لەلایەکەوە زۆرینەی هونەرمەندان، نەك هەموویان، لەگەڵ باڵی چەپدا هاوسۆزییان هەبووە. لەلایەکی تریشەوە زۆرێك لە سیاسییە چەپگەراکان، حەز و خولیایان بۆ هونەر هەبووە و پشتگیرییان لێکردووە. ئەم لینك و هەڵقەیە لەو ڕووەوەیە کە هەم هونەر و هەم سیاسەتی

پێشکەوتنخوازانەش لەدوا شیکردنەوەدا لەڕێگەی ڕزگارکردنی مرۆڤەوە سەرقاڵی گەشەپێدان و پەرەدانن بە کارەکتەری مرۆڤ.

لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندیی هونەر و سیاسەت، بەدرێژایی ساڵان بابەتی گفتوگۆ و بەدواداچوونی بەرفراوان بووە کە زۆرێکیان هێجگار توند بوون و بگرە گوللە و زیندانیشی لەگەڵ بووە. ئەم وتارە [بچوکە] ناتوانێت کۆی ئەم باسانە تاوتوێ بکات و پیایاندا بچێتەوە، بەڵکو هەندێك ئەرگۆمێنت لەدژی دوو تێگەیشتنی باو دەربارەی سیاسەت و هونەر دەخاتەڕوو، دوو تێگەیشتن کە دژی یەکترن بەڵام هەردووکیشیان ڕێگرن لەبەردەم هاریکاریی پڕبەرهەمی نێوان هونەرمەندان و ڕەوتی چەپدا.

یەکەم تێگەیشتن بریتییە لەو ئایدیایەی کە هونەری ڕاستەقینە لە ترسی سازشکردن لەسەر کەماڵی بەرهەمی هونەری پێویستە خۆی لە هەر جۆرە پەیوەندییەکی ئاشکرا بپارێزێت دەرهەق بە سیاسەت. ڕوانگەی دووەم ئەوەیە کە گوایا پێویستە هونەر بەشێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاوانە سیاسی بێت.

ڕوانگەی یەکەم، سەرەتا لە سەدەی نۆزدەدا درووستبوو و زۆرجاریش لە زەینی خەڵکدا بەهۆی درووسمی (هونەر بۆ هونەر، یان ئەدەب لەپێناوی ئەدەبدا)دا بیردەکەوێتەوە. ئەم

ڕوانگەیە ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر تێگەیشتنێکی تاکگەرایانە بۆ هونەر، کە هونەر بە دەربڕینێکی کەمتازۆر پەتی و بێگەرد دەزانێت لە گۆشەنیگای ناوەکی و تاقانەی هونەرمەندەکەوە. ئەم ڕوانگەیە سود لە بەدگومانیی خەڵك وەردەگرێت دەرهەق بە سیاسەت وەك ئیشێکی دزێو کە سەروکاری لەگەڵ دەسەڵات و کۆنترۆڵکردندایە، و تاڕادەیەکیش پەرچەکردارێکە بە ڕووی ئەزموونی مێژوویی ڕێکخراو و حکومڕانییە چەپەکاندا، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە نەریتی ستالینیی کۆمۆنیزمەوە هەبوو کە هەوڵیدەدا زۆردارییەکی سیاسی بەسەر بەرهەمهێنانی هونەریدا بسەپێنێت.

من ئاوڕ لە ئەزموونی ستالینی دەدەمەوە، بەڵام ئەم ڕوانگە فەردانی و تاکگەراییە زیادەڕۆیە ڕووبەڕووی کەموکورتی دەبێتەوە. هونەر [و ئەدەب] هەرگیز دەربڕینێکی پەتی و بێگەردی خود نەبووە. بەرهەمهێنانی هونەری هەمیشە لەژێر هەلومەرجێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بووە، لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێك پرسی تەواو پراکتیکیی(وەك ئایا دەتوانم خام و ڕەنگ ئامادەبکەم؟ ئایا هۆڵێکی شانۆ پەیدادەبێت شانۆکەم نمایشبکات؟)دا بووە تا دەگاتە پرسگەلی پەیوەست بە

سانسۆری دەوڵەت و دین و گوشارە ئایدۆلۆژییەکانی سەردەمەکە. لەوەش زیاتر، ئەم ڕوانگەیە لەبەر ئەوە نوقسان و کەموکورتە کە ئەو "خود"ـەی هونەرمەند هەوڵدەدات دەریبڕێت و گوزارشتی لێ بکات خۆی بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، بەرهەم و بەرەنجامی کۆمەڵێك ئەزموونی شەخسییە، واتە مامەڵە و ئاڵوگۆڕی ئەو و کەسەکانی تر و کۆمەڵگاشە. سەرەنجام گەر هونەر بەشێوەیەکی حەتمی و حاشاهەڵنەگر شتێکی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییانەیە، ئەوا بۆ نابێت ڕاستەوخۆ هەندێك تێما و ناواخنی سیاسی بەتەنیشت تێما کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە بگرێتە ئەستۆی خۆی، وەك عەشق، پەیوەندییەکان، خولیا و ئارەزوو، پەیوەندی لەگەڵ سرووشت و هتد؟

وێڕای ئەمەش، هۆکاری ئاشکرا و بەڵگەنەویست بۆ درووستبوونی هونەری ڕەسەن و بەئاشکرا سیاسی، نەك لەلایەن تیۆرەوە بەڵکو لە کردە و پراکتیکدا نیشتەجێ بووە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە هەموو فۆرمە جیاوازە هونەرییەکاندا، بەدرێژایی چەندین سەدە، لە زۆرێك کەلتورەکان و وڵاتەکاندا، ژمارەیەکی زۆری بەرهەمە بەهێزە هونەرییەکان ئیلهامی خۆیان لە ڕووداوە سیاسییەکانەوە وەرگرتووە و ڕاستەوخۆ دەرگیری پرسە

سیاسییەکان بوونە. مێژووی هونەری ستاندارد و ڕەخنە کەلتوری و ئەدەبییەکەی زۆرترین هەوڵیداوە بەهۆی هەڵکەندنی بەرهەمە مەزنەکانەوە لە سیاقە مێژووییەکەی، ئەم کێشەیە بشارێتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، کۆمەڵێك نمونەی زۆر ئاشکراش هەن.

لە هونەری شێوەکاریدا، **داودی** بەرهەمی **مایکڵ ئەنجیلۆ** نمونەیەکە کە لەلایەن شاری فلۆرانسەوە و بەهۆی ئامانجێکی ئاشکرای سیاسییەوە و بەبۆنەی دەرکردنی فەرمانڕەوا ستەمکارەکانی مدێسییەوە ڕاسپێردرا دروستبکرێت. تابلۆی **مردنی مارا**(ڕوخساری ڕادیکاڵی باڵی چەپ لە شۆڕشی فەرەنسا کە لەلایەن دژەشۆڕشەکانەوە کوژرا) کە بەرهەمی **ژاك لویس داڤید**ە نمونەیەکی ترە. **گۆیا** لە سێی نیسانی ١٨٠٨ کوشتنی جوتیارانی شۆڕشی ئیسپانیا لەلایەن سوپای داگیرکەری ناپلیۆنەوە وێنەدەکێشێت، ئەویش بە هاوسۆزییەکی ڕوون و ئاشکراوە لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا. یان بەرهەمە بەناوبانگەکەی دیلاکریوکس بەناوی **ئازادی ڕێبەرایەتیی خەڵك دەکات**[١]ـەوە بەپێی شۆڕشی ساڵی ١٨٣٠ـی فەرەنسا. لە سەدەی بیستیشدا بینەری کۆمەڵێك کاری بەئاشکرا سیاسیی ئاوانگاردە ڕوسەکان بووین: مالڤیچ،

[1].[ liberty leading the people]

ڕۆدچینکۆ، تاتلین و ئەوانیتر کە ئیلهامیان لە شۆڕشی فەڕەنساوە وەرگرتبوو. هونەری دژەجەنگی **پۆڵ ناش** و **ئۆتۆ دیکس** و هتد، فۆتۆ مۆنتاژە دژەنازییەکانی **جۆن هارتفیڵد**، هەروەها **گۆرۆنیکای پیکاسۆ**ش وەك نارەزاییەك دەرهەق بە بۆردومانی شاری باسك لەلایەن فڕۆکەی فاشیستەکانەوە لە جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیادا.




لە ئەدەبدا، نمونەی بەرهەمە زەقە سیاسییەکان ڕووبەرێکی بەرفراوان داگیردەکەن، ئیدی لە شاعیری ڕۆمانتیکی ئینگلیزەوە، واتە لە **شیلی**ـەوە کە گەورەترین شیعرەکەی واتە **دەمامکی**

**ئانارشی**[٢] کە ڕەنگە توندترین ئیدانەکردنی حکومڕانی و دەسەڵات بێت تا ئێستا نوسرابێت، تا دەگاتە سەر شانۆنوس و شاعیری ئەڵمانی **بێرتۆڵد برێخت** کە زۆرینەی بەرهەمەکانی سیاسیین. ڕۆماننوسی فەڕەنسی **ئەمیل زۆلا**، ڕۆمانی ژێرمینالْ(Germinal)ـی لەبارەی مانگرتنێکی کرێکارانی ناو کانەکانەوە نوسی، ڕۆماننوسی ئەمریکی **جۆن شتاین بیك** ڕۆمانی **بۆڵەکانی توڕەیی**[٣]ـی لەبارەی خەباتی گوندنشینە هەژارەکانەوە نوسی لە سەردەمی بێڕەونەقی و داتەپیندا، و **ئالان گێزنبێرگ** شیعرێکی درێژی بەناوی wichita vortex sutraـەوە تەرخانکرد بۆ جەنگی ڤێتنام. **یێتس**ـی شاعیری ئێرلەندی **جەژنی پاك** ١٩١٦ـی بۆ یادەوەریی ڕاپەڕینی جەژنی پاك نوسی دژی حکومڕانانی ئینگلیز، و **پابلۆ نێرۆدای** شیلییش چەندین جار شیعرەکانی خۆی دژی باڵادەستیی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و دیکتاتۆریەتە ژێردەستەکانی لە ئەمریکای لاتیندا، بەکاردەهێنێت.

لە مۆسیقاشدا، **فلوتی ئەبەدیی** مۆزارت، دەربارەی فەراماسۆنێری(هێزی شۆڕشگێڕانەی جدیی ئەو ڕۆژگارەی ئەوروپا)یە و، **سەمفۆنیای پێنجەم** و **ئیگمۆنت ئۆڤەرتۆری** بتهۆڤن

---

[2] .[ The Mask of Anarchy]
[3] . [The Grapes of Wrath]

هەردووکیان تایبەتن بە خەباتە ڕزگاریخوازەکان لە سەردەمی ناپلیۆندا. لە میلۆدییشدا، دەنگە ئاوارتەکەی **پۆل ڕابسۆن** ئاوازە سیاسیەکانی هەموو دونیای کۆکردۆتەوە، **میوەی غەریب**[٤]ی بەرهەمە نەمرەکەی **بیّلی هۆلیدەی** کە هێرشدەکاتە سەر لەسێدارەدانەکانی باشوری ئەمریکا. بەرهەمە سیاسییەکانی **بۆب دیلەن**(بارانی توند[٥]، ئاغاکانی جەنگ[٦]، تەنیا یەك سەرباز لە یارییەکەیاندایە[٧])، هەروەها **ئاوازی ڕزگاریی** بۆب مارلی کە سروودێکی نایابی نەتەوەیی بوو دەربارەی ئازادی.

لە فیلمیشدا، شاکارەکانی **کەشتیی جەنگیی پۆتمکین**[٨]، **مانگرتن**، **ئۆکتۆبەری** ئایزنشتاین، **سەردەمی مۆدێرن** و **دیکتاتۆری گەورەی** چارلی چاپلین، **شەڕی ئەلجەزیرە** و **کویمادا**(دەربارەی شۆڕشی کۆیلەکان لە کارائیب) کە بەرهەمی پۆنتکۆرڤۆ، **خاك و ئازادی**[٩]ی بەرهەمی کین لۆچ دەربارەی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا.

---

4.[ Strange Fruit]
5.[ Hard Rain]
6 .[ war masters]
7. [only a pawn in their game]
8. [Battleship Potemkin]
9 . [Land and Freedom]

ئەم نمونانە کە بەئاسانی دەتوانین چەندقاتی بکەینەوە، بێگومان ئەوە دەردەخات هیچ ناکۆکی و دژیەکییەك لەنێوان بەرپرسیارێتیی ڕاشکاوانەی سیاسی و بەرهەمی هونەریدا نیە لە باڵاترین ئاستدا. چونکە ئاشکرایە بەرهەمی لەم جۆرە کۆمەك بە ئامانجە ڕادیکاڵ و ڕوولەپێشەکان دەکات. هەم بەهۆی دەسبەسەراگرتنی دڵ و عەقڵەوە لە هەندێك بابەتی تایبەتدا و هەم بەهۆی بەرزبوونەوەی هۆشیاری و مەعنەویات و ورەوە بەشێوەیەکی گشتی. ئاشکرایە کە پێویستە چەپ پشتیوانییان لێ بکات و هانیان بدات و لە کاتی پێویستیشدا سودیان لێ وەربگرێت و بەکاریان بێنێت. بەڵام ئەم باسە ڕوویەکی تریشی هەیە کە بە هەمان ڕادە گرنگە. هاندانی هونەری بەئاشکرا سیاسی، بەو مانایە نیە کە سوکایەتی بە هونەری ناسیاسی بکەیت و سەرزەنشتی بکەیت.

ناکرێ و نابێ هونەر کورتبێتەوە بۆ ڕەخنەی سیاسیی ڕووت یان پڕوپاگەندە. هونەر، ڕەنگدانەوە و وەڵامە بۆ هەموو پانتاییەکانی پێداویستی و ئەزمونی مرۆڤ: لەدایکبوون، مردن، عەشق، سێکس، کواڵێتیی ڕووناکی و باران، هەستی نائومێدی یان ئومێدی شەخسی، سەیرکردنی خەرەند و دەربەندەکان و

درەختەکان، هێڵ و ڕەنگی باڵاخانەکان، گەمە و ئازاری مناڵان، نمایشی ئاسمان و درەختەکان...خۆ ڕاستە کە دواشیکردنەوەی هەموو ئەم مەسەلانە بەتۆخی لە چوارچێوەی سیاسەتدایە بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە هەموو کەرەستە و ئامرازێکی هونەرمەندانەی ئەم مەسەلانە دەبێت سیاسی بێت. تا ئەو جێیەی کە ئەم هونەرە بەهێز و بزۆك و جوان و ڕەسەنوڕاستەقینە بێت، و ئامرازێکی پەیوەندی و گەیاندنی (دیدەکی، زمانی یان مۆسیقی)مان گەشە پێبدات و بڵندی بکاتەوە، ئەوە لە بەرژەوەندیی مرۆڤایەتیدایە.

زۆرێك لەو هونەرمەندانەی ناومانهێنان، بەهۆی ئەفراندنی هەندێك بەرهەمی سیاسیی ئاشکراوە، هەندێك بەرهەمێکیان خولقاند کە ناوەڕۆکێکی سیاسیشیان نەبوو. مایکڵ ئەنجیلۆ sistin chapelـی بۆ پاپایەك کێشا، دەبلیو بی یێتس نەك هەر جەژنی پاکی ١٩١٦ بەڵکو شیعری "سرووشتی ڕووباری ئایڵێز ئینیس فری"یشی نوسی، لەپاڵ **میوەی غەریب**دا بێلی هۆڵیدەی هۆنراوەی عاشقانەی **جوان و دڵگیری** دەنوسی، پیکاسۆ بەر لە تابلۆی گۆرنیکا، **پیاوێك بە پایپ و گیتارەوەی** پەرەپێدا. گەمژەییەکی ئاشکرایە گەر ستایشی **میوەی غەریب** بکەین بەڵام

**جوان و دڵگیر** پشتگوێ بخەین، ستایشی گۆڕنیکا بکەین بەڵام کوبیزم سەرزەنشت بکەین، بەتایبەت نەدەکرا گۆڕنیکا بەبێ کوبیزمی پێشوو بکێشرێت.

ئەوکاتە پێویستە ستایشی هونەری سیاسی بکرێت کە هەڵبژاردنی ئازادانەی هونەرمەندەکە بێت. هەموو جۆرە هەوڵێکی حیزبە سیاسییەکان یان کاربەدەستانی دەوڵەت بۆ سەپاندنی بابەت و ستایل، تەنیا دەبێتەهۆی بێبەشبوونی ئەفراندن و داهێنانی هونەری لە وزە حەیاتییەکەی- بەو جۆرەی کە لە سۆڤیەت و لەژێر سەرکردایەتیی ستالیندا ناودەنرا ڕیالیزمی سۆسیالیستی، یان لای ماوتسی تۆنگ لە چین و باقیی دەوڵەتە ستالینییەکانی تر و تاڕادەیەکیش لە بزووتنەوەی نێونەتەوەیی کۆمۆنیستدا بەگشتی.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە باس بکرێت ئەو ڕاستییەیە کە زۆربەی بەرهەمە هونەرییەکان بەشێوەیەکی ناوەکی و ناڕاستەوخۆ سیاسیین نەك ڕوون و ڕاشکاو، ئەو کاتەی ڕامبێراند نەحت و هەڵکۆڵینە زۆر دڵسۆزانەکەی سەبارەت بە سواڵکەرەکان دروستکرد، لەڕاستیدا دژایەتیی ناڕاستەوخۆ و ڕەخنەکردنی دیدی دوژمنانە بۆ گەدایان و هەژاران یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سەرمایەداری بوو لە هۆڵەندای سەدەی

حەڤدەیەمدا. ئەوکاتەی لە سەدەی نۆزدەدا هونەرمەندە فەرەنسییەکان، دەستیان لە دیمەنە گەورەکانی ئوستورەکان و پۆرترێتی خانەدانەکان هەڵگرت تاکو وێنەی ژیانی رۆژانەی خەڵك بکێشن، لەراستیدا شتەکە کاردانەوەیەکی ناراستەوخۆ بوو دژی سیستەمە کۆنەکەی فیوداڵیزم/بۆرژوازی. کاتێك چارلی پارکەر، جان کیلتران و میڵ دیڤیز جازی مۆدێرنیان دەژەنی، بێسی سمیت و بێلی هۆڵیدەی بلوزیان دەبردەرێوە، هەر نۆتەیەك و هەر دەستەواژەیەك بریتی بوو لە گوزارشتکردن لە ئازاری خەڵکەکەیان و سەرزەنشتکردنی رەگەزپەرستی. ئەم بابەتە بایەخێکی تایبەتی هەیە، کە رەوتی زاڵی تەفسیری کەلتوری دەیەوێت لە هەر جێیەکدا بۆی بلوێت ئەم بۆچوونە سیاسییە شاراوە و ناراستەوخۆیانە پشتگوێ بخات و بێبایەخ پیشانیان بدات، و پێی باشترە هونەر وەك شتێکی جیهانی و ئەبەدی سەیربکات.

بۆیە تەفسیرکارە کەلتورییە رادیکاڵەکان لەوەدا بەرپرسن کە ئەم بەشە بپشکنن، ئەویش بە پێداگری لەسەر ئەو راستییەی کە بەرهەمی هونەری تەنیا لە سیاقە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسییەکەی خۆیدا قابیلی تێگەیشتنە.

دواجار، جەختکردنەوە لەسەر ئەو خاڵە پێویستە کە تەنانەت هونەرمەند بە ڕوانگە کۆنەپارێز و کۆنەپەرستییەکەی خۆیەوە، جاروبار دەتوانێت بەرهەمێکی تەواو بەنرخ بخولقێنێت. نمونەیەك بۆ ئەمە، نوسەر و شاعیری ڤیکتۆریایی، ڕۆدیارد کیپلینگە، کە ئیمپریالیستێکی عەیارە بیست‌وچوار بوو. کیپلینگ نوسەری دەستەواژەی "پیاوی سپیی کۆڵکێش" و شیعرێکی ترۆهاتە بەو ناوەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێك شیعر و چیرۆکی دەربارەی دەسەلات و ڕوانینی پەتیی وەك "the barak room ballads" خولقاند. ت.س. ئەلیوتیش کە ئەنگلۆ کاسۆلیکێکی دەسەڵاتخوازی ڕاسترەو بوو(نوسخەیەکی زۆر کۆنەپارێز لە مەسیحیەتدا) و موغازەلەی فاشیزمی دەکرد و کتێبی ( the wasteland)ـەکەی کە زمانێکی تازەی تیا بەکارهێناوە و کاریگەریی خستۆتە سەر کۆی ڕەوتی شیعری مۆدێرن، کەچی ڕەخنەگرێکی سەرسەختی ئەو بۆشاییە ڕۆحییەی کۆمەڵگای سەرمایەداریی ڕۆژئاوا بوو لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە.

# ئەدەب لەپێناوی ئەدەبدا



**جۆرج لۆکاچ**

و. زەردەشت نورەدین

دروشمی ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا یان هونەر بۆ هونەر، کرۆکی ڕێبازی ئەدەبی پەڕناسە کە لە سەدەی نۆزدەدا سەریهەڵدا. هۆگۆ بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی ڕۆژهەڵاتییەکان، بناغەی بۆ ڕێبازی ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا دارشت. دواتریش لەلایەن چەندین شاعیر و نوسەر و ... هتدەوە پەرەی پێدرا. یەکێک لە پەڕناسە بەناوبانگەکان "تیۆفیل گوتی"ـە، کە بەم شێوەیە پەڕناسی پێناسەکرد: "ئەدەب لە پێناو ئەدەبدا بەو واتایە دێت کە دەبێت ئەدەب سەربەخۆ بێت لە هەموو دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و کەڵکەڵەیەک جگە لە جوانی".

هەڵگرانی ئەم ڕێبازە پێیانوایە کە دەبێت ئەدەب یان هونەر لە خزمەتی هیچ شتێکدا نەبێت جگە لە ئەدەب. دیارە پەڕناسەکان ئەدەبیان لە هەموو شتێک داماڵیوە جگە لە جوانی، و جوانییش بە مانا ئەبستراکتەکەی واتە ئێستاتیکایەکی بێخەوش. ئەم جۆرە ڕوانینە، ئەدەب یان هونەر دەکات بە خودایەک کە تەنیا دەبێت لەبەر خوداوەندییەکەی ستایش بکرێت. هاوکات ناوی ڕێبازی پەڕناسیش لە ناوی خوایەکی کۆ-ئوستورەی یۆنانەوە وەرگیراوە. و هەروەها پێشیان وابوو کە هونەر یان ئەدەب دەبێت لە هونەر یان ئەدەبەوە سەرچاوەبگرێت، نەک لە دەروون یان هەست و سۆز یان

ئایدیایەکی مرۆڤەوە؛ بە دەربڕینێکی تر بە هەموو شێوەیەک ئەدەبی یان هونەری خودی و سوبێکتیڤیان ڕەتدەکردەوە و بانگەشەیان بۆ ئەدەبێکی بێمەبەست و بێلایەن دەکرد. هونەر یان ئەدەبێک کە نەچێتە خزمەتی هێچ شتێکەوە جگە لە جوانی(جوانیی بێخەوش). نیچە ئەوەی ڕاگەیاند کە هیچ جۆرە ئەدەبێک بوونی نیە کە لە پێناوی ئەدەبدا بێت و دەپرسێت "**هەموو جۆرەکانی ئەدەب یان هونەر چی دەکەن؟ ئایا ستایش ناکەن؟ شکۆ نابەخشن؟ هەڵنابژێرن؟ زەق و تۆخ ناکەنەوە؟ بەم کارانەیان بەها دیارەکان، لاواز یان بەهێز دەکەن ... هونەر یان ئەدەب پاڵنەرێکی گەورەی ژیانە، چۆن کەسێک دەتوانێت لە هونەر یان ئەدەب بە شێوەیەکی بێئامانج و بێمەبەست تێبگات هاوشێوەی "ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا**".

**(وەرگێڕ)**

[دروشمی] "**ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا**[١٠] " بەبەردەوامی ئاماژەیە بۆ نائومێدیی چینێک بەرامبەر بە بوونی خۆی. بەو هیوایەی کە لە چوارچێوەی ستراکتۆری بنچینەیی ئابوریی کۆمەڵگا و هەروەها لەڕێگەی ئەو ناوەڕۆکانەی کە پەیوەندییان بە ژیانەوە هەیە، فۆرمێکی مانادار و مرۆڤانەی ژیان درووستبکات.

هەموو ئەو کەسانەی کە نوێنەرە ڕاستگۆ و گەورەکانی ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا دەناسن (لێرەدا دەمەوێت بەر لە هەموان ئاماژە بە گۆستاف فلۆبێر و بەتایبەتییش نامەکانی بدەم). دەزانن کە ئەم نائومێدییە چەندە کاریگەریی لەسەریان هەیە. دەزانن تا چ ڕادەیەک ڕوانگەی "بێخەوشی هونەر"یان تەنیا لە ماسکێک

---

[١٠] Art for Art's Sake واتە "**هونەر بۆ هونەر**" یان "**هونەر لە پێناوی هونەردا**" کە **بە ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا** وەرمگێڕاوە. ڕوونە کە ئەدەب بەشە کۆمەڵەیەکە لە کۆمەڵەی هونەر و لێرەدا من بەشێکم [واتە ئەدەب] لە جیاتی گشت [واتە هونەر] داناوە. تاوەکو لە ڕێگەی مەجازێکەوە(metonymy) بتوانم ئەدەب کە دیارترین کایەی هونەریی ئێمەیە زەقوتۆخ بکەمەوە. بۆ ئەوەی ناواخنی وتارەکە لە کۆنتێکستی(سیاق) ئێمەدا ڕوونتر و باشتر بگات بە خوێنەر._وەرگێڕ

دەچێت کە بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر، ڕق و بێزاریی توڕەئامێزیان لە چینی خۆیان، واتە چینی بۆرژوازی، دەشارێتەوە.

سەرەڕای ئەوەش تەنانەت ڕاستگۆترین و ڕووناکبیرترین نوێنەرانی ئەم ئینتیمایەش توانای ئەوەیان نەبوو بەڕوونی لە هۆکارەکانی نائومێدییەکەیان تێبگەن، چ بگات بەوەی ڕێگەیەک بدۆزنەوە و ژیانی خۆیانی وەک هونەرمەند[١١]ێک پێڕزگاربکەن؛ بێگومان ئەمە لەبەر ئەوە نیە کە ئەوان وەک بۆرژوایەک نەیانتوانیبێت جگە لە سێبەری خۆیان لە هیچیتر تێبگەن یان توانای تێپەڕاندنی ئاسۆی چینی خۆیانیان نەبوو‌بێت. بەم بۆنەوە زۆرێک لە ئەندامانی ئەم چینە چ لەسەر ئاستی پراکتیکی و چ لەسەر ئاستی زەینی، کۆتوبەندەکانی ژیانی بۆرژوایان تێپەڕاند و تەنانەت زیاتریش ڕۆیشتن. [واتە] ئەوانە توانیان ڕێگەیەک بەرەو پرۆلیتاریا و ڕەخنەیەکی ڕاست– ڕەخنە لە تیۆر و پراکتیکدا- لە کۆمەڵگای بۆرژوایی بکەنەوە. بەتەنیشت ئەمەشەوە، گەرچی بۆ بورژوازادەیەک سەختە لە چینەکەی خۆی دابیڕێت. ئەوان ئەگەرێکی تر لە بەردەمیاندا بوو: هونەرمەندبوون.

---

[١١] Artist بەواتای هونەرمەند دێت کە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خەریکی کاری هونەرین و بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشدارن لە بەشە جیاوزەکانی ئافراندنی هونەریدا وەک نوسەرەکان. شاعیرەکان، وێنەکێشەکان، شانۆنووسەکان و دەرهێنەرەکان و .... هتد.__وەرگێڕ

هونەرمەند هەمووکات بە شێوەیەکی بێمیدیۆم(بێناوەند) هەست بە ژیان دەکات. وەک بڵێی هونەرمەندی ڕاستەقینە هەڵگری ئەزمونێکی ڕاستەوخۆ و بێمیدیۆمە، لەوانەیە بەبوێرییەوە ڕەخنەی تاکەکان، گروپەکان، دامەزراوەکان، و هتد ... بکات. سەرەڕای ئەمەش بۆ هونەرمەندبوون دەبێت هەمیشە بتوانێت پەیوەندییەک درووستبکات لە نێوان جۆرێک لە بێمیدیۆمییەکی پاکی پڕ لە هەست، و ئەو فۆرمە ئۆبێکتیڤە بنچینەییانەشی کە تێیدا ژیانی هونەرمەند خۆی ئاشکرادەکات.(لەمبارەوە وەک چۆن سێرڤانتس و شکسپیر لە ڕیزێکدا دێن ئەوا بە هەمان شێوە دانتێ و هۆمەریش لە ڕیزێکدا دەوەستن).

تراژیدیی هونەرمەند لە کۆمەڵگای بۆرژوایدا– ئەو تراژیدیایەی کە بزووتنەوەی "ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا"وە سەرچاوە دەگرێت، بەهۆی ئەو ڕاستییەوەیە کە ڕێک ئەم پەیوەندییە بێمیدیۆمە، واتە بنەمای ڕوانینی هونەرییانە بۆ واقیع تێکچووە و مەحاڵ بووە. بەر لە هەموو شتێک گۆڕان و گەشەی کۆمەڵگای بۆرژوایی کە گرێدراوە -بە گەشەی سەرمایەدارییەوە، وەک شێوازێکی بەرهەمهێنان کە هەموو کۆمەڵگای گرتۆتەوە- و بەم بۆنەوە چالاکییە مرۆییەکان و پەیوەندیی نێوان تاکەکان (وەک کەرەستەی خاوی ئەدەب) بەشێوەیەکی تاقەتپڕوکێن ئەبستراکت و بێسۆز و هەست بووە؛ بۆیە توانای ئەوەی لەدەستداوە ببێتە هونەریش. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دابەشبوونی کار زاڵە بەسەر

ڕێساکانی ئاڵوگۆڕی هەموو ئاستەکانی ژیانی مرۆڤ و دواجار کاڵاپەرستی(فتیشیزم) هەموو شێوازەکانی ژیان و هتد ... هونەرمەند لە ژینگەیەکدا گەمارۆدەدات کە ئیدی ناتوانێت بە شێوەیەکی بێگەرد و بێمیدیۆم پەیوەندیی لەگەڵدا درووستبکات. هەر ئەوەی کە هونەرمەندە، هەستەکانی زیادە و ئاڵۆز و ناسکە. کەواتە لە جیهانی خۆی ڕازییە و بەوپەڕی چێژەوە خەریکی داهێنانی هونەری دەبێت. بەڵام ئەگەر بیەوێت بە هونەرمەندی بمێنێتەوە ئەوا بە هەمان ئەندازە مەحاڵە کە بتوانێت سنوری بێمیدیۆمی تێپەڕێنێت. لەگەڵ جیهانی خۆیدا پەیوەندییەکی تەواو ڕەخنەگرانە واتە ڕۆشنبیرانە درووستبکات.

تا بێت ئەم گرفتە بێچارەسەرە بۆ هونەرمەندی مۆدێرن توندتر دەبێتەوە. بەو پێیەی کە هەر هونەرمەندێکی ڕاستەقینە و هەڵکەوتوو، چەشنێک لە ژیان لەگەڵ باڵاترین ئەگەرەکانی لەفۆرمدەنێت. بەبەردەوامی سنوری واقیعی سەتحی و ئاشکرای ژیانی ڕواڵەتیانەی ڕۆژانە تێدەپەڕێنێت. بەم پێیەش هونەر تێدەکۆشێت تا بە باشترین دەربڕین فۆرمێک بە ژیانی دەستەجەمعیی سەردەمی خۆی ببەخشێت. ئەم هونەرە لەبەر ئەوە دەست لە ناتوراڵیزم[١٢] هەڵدەگرێت تا بتوانێت سروشتێکی

---

Naturalism[١٢] بزووتنەوەیەکی ئەدەبیی کۆتایی سەدەی نۆزدە بوو، کە لە ژێر کاریگەریی تیۆرەکانی داروینداهەوێنیبەست و تا سەرەتاکانی سەدەی بیست درێژەی کێشا. ئەم ڕێبازە پێداگریی لەسەر ڕیالیزمێکی پتەو دەکرد و بانگەشەی بۆ دوورکەوتنەوە لە هەموو فۆرمەکانی ئایدیالیزم و سیمبولیزم و ڕۆمانتیزم دەکرد. گرنگیشی بە زانستگەرایی و هۆکارە بۆماوەییەکان دەدا لە هەمبەر دەستنیشانکردن و دیاریکردنی چارەنووسی کەسەکان بە جۆرێک کە زیاتر توندوتیژییەکانی ژیانی مرۆڤیان بەدوور لە سانسۆر و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاو

زیندوو وەربگرێت. ئەم هونەرە چاو لە بێمیدیۆمیی یەکپارچەیی ژیان دەپۆشێت، ئەویش بەو شێوەی کە لەبەرامبەرماندا قوت دەبێتەوە تاوەکو بەشێوەیەکی کامڵ و پڕ دەستی بە هەستی ژیاندا بگات. چەشنێک لە ژیان کە هەموو ئەو شتانەی بۆ ژیان زەرورییە لەخۆبگرێت. بەم واتایە ئەدەبی ڕاستەقینە،بریتییە لە ڕەخنەکردنی سەردەم. بەڵام ئەو کاتەی کە نوسەری مۆدێرن دەبێتە ڕەخنەگری سەردەمی خۆی، ئەوا بە شێوەیەکی حەتمی لە ڕەخنەی لاواز و ئەبستراکت و بێهەست و لەڕوانگەی هونەریشەوە بێبەهادا دەچەقێت. لەبەرئەوەی لە هۆشیاریی بۆرژواییدا بەگشتی کۆمەڵگا لە باشترین حاڵەتیدا وەک تێگەشتنێکی ئەبستراکت هەرسدەکرێت. سەرەڕای ئەمەش کاتێك هونەرمەند لە بەر هونەر پشت لەم گشتێتییە ئەبستراکتە دەکات. کاتێک کە بەتایبەتی دەڕوانێتە شتێکی کۆنکرێتی، واتە دیاردەگەلی ڕوون کە بە شێوەیەکی ناڕەخنەگرانە، هەرسکراون، ئیدی ئەوکات لە یەکڕیتمی و سواویی بێفەڕی ژیانی ڕۆژانەی بۆرژوایەک لەڕووی هونەرییەوە هەست بە خنکان دەکات. ویژدانی هونەری داوای شتی مەحاڵی لێ دەکات: کۆکردنەوەی حاڵەتە ڕەفتارییە دژیەك و هەڵنەکردووەکان.(لێرەدا دەشێت ئاماژە بۆ هێبڵ و ئیبسن و تۆڵستۆی و هایتمەن و ئەوانیتر بکەین).

---

دەخستەڕوو: وەک؛ هەژاری، ڕەگەزپەرستی، دەمارگیری، نەخۆشی، گەندەڵی، لەشفرۆشی و قێزەونی. لە دیارترین فیگەرەکانی ئەم ڕێبازەی ئیمێل زۆلایە_وەرگێڕ

ئەوەی کە پێشوتر باسکرا بۆ خستنەڕووی قەیرانی ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا بەسە. بەڵام دووەمیان، گەشەی کۆمەڵگای بۆرژوایی، ئەوەندە بوونی نوسەری کێشەدار کردووە کە تا پێش ئەمە هەرگیز نەخراوەتە بەرباس. لەڕاستیدا ئەم بابەتە چەنێک ناوەکی بێت هێندەش دەرەکییە. دەرەکیشە چونکە گەشە و گۆڕانکاریی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی کۆمەڵگای سەرمایەداری، پێویستیی حەیاتی و ڕاستەقینە بۆ ئەدەب و هونەر، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاڵتر و کاڵتر دەکاتەوە. هەروەها پەیوەندیی نێوان نوسەر و کۆمەڵانی خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بەرەو پەیوەندییەکی پەتی و ئەبستراکت دەبات. ئەویش لەسەر حیسابی زاڵکردنی پەیوەندیی کاڵایی بەسەر هەموو شتێکدا. **نوسەر لە هەموو سەردەمەکانی تر زیاتر لەبارەی ئەو کەسەوە کە دەنوسێت، کەمتر دەزانێت.** ئەگەر نوسەر، هەنووکە بێڕەگوڕیشەبوونی کۆمەڵایەتیی خۆی لە فۆرمی تێزی مەغرورانەی ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا دەردەبڕێت، ئەوە لە باشترین حاڵەتیدا بەو مانایە دێت کە بەنائومێدییەوە بۆ پەناگەیەک بۆ دەردەکانی دەگەڕێت. ئەمە هەر ئەو خاڵەیە کە هونەرمەندە ڕاستگۆکان لە چرکەساتی دروەشانەوەی بەرهەمەکانیاندا، چاویان لێبووە (لێرەدا دووبارە ڕووی دەمم لە فلۆبێرە). لەگەڵ ئەمەشدا هونەرمەندە کەم ناوزڕاوەکان ئەوە دەگۆڕن بۆ شێوەیەک لە خۆهەڵخەڵەتاندن، کە ئەمە دەبێتە هۆی خراپبوونی کەسایەتیی ئەوان وەک

هونەرمەندێک(لەوانەیە هونەرمەندانی وەک وایڵد و دانونتسیو، هۆفمانتسڵ و هتد ... بێتەوە یادتان).

بێ ڕەگوڕیشەبوونی هونەرمەند لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بێڕەگوڕیشەبوونی ناوەوەی هونەر خۆیەوە هەیە. بە هەمان شێوە کە گۆتە و شیلەر بەڕوونی لەوە تێگەشتن ئەمە هەر ئەو پێویستبوون بە ئەزموونی تایبەتەیە کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی فۆرمە جۆراوجۆرە هونەرییەکان. بەم پێیەش توانست و ئەگەری تایبەت لەهەناوی ئەم جدیترین ئارەزووەوە [واتە ئارەزووی هونەرمەند] دەردەکەوێت کە دواجار لە فۆرمە هونەرییەکاندا دەنیشێت و ڕەنگدەداتەوە(فۆرمی حەماسی و درام و هتد...). بە هەمان شێوە کە تا ئێستا پیشانمانداوە گەشەی سەرمایەداری و دابەشکردنی کار بەگوێرەی سەرمایەداری، کە بەهۆیەوە پەیوەندییە مرۆییەکان(و شتەکانی تر) خەسڵەتێکی پەتی و ئەبستراکت وەردەگرن، نەک تەنیا کەرەستەی خاوی ئەدەبی لە ناودەبەن بەڵکو فۆرمە ئەدەبییەکانیش تێکدەشکێنن. ئەمە لەڕێگەی درووستکردنی پێویستییەکی زۆر پەشێو لە مرۆڤدا – لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە ئەتۆمیزەکراو[١٣] و ئەبستراکت بۆ بەدەستهێنانی ئەزمونێکی ڕەنگاورەنگی ژیان ڕوودەدات. ئەم پێویستییە لە هیچ جۆرە فۆرمێکی ئەدەبیدا

---

[١٣] Atomized لێرەدا واتە دابەشکردن و پارچەپارچەکردنی کۆمەڵگا بۆ یەکەی دابڕاو و جیا لە یەکتری. بە شێوەیەک کە هەر یەکەیەک ئەتۆمێکی سەربەخۆ و پچڕاو بنوێنێت_ وەرگێڕ

بەواقیعی نایەتەدی–. بەم جۆرەیە کە هونەرمەند فۆرمەکانی لە هەناوی خۆیدا دەدۆزێتەوە. ئەو، دەبێت ببێت بە جوانیناس و لایەنگری ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا. هونەرێکی نایاب، هونەرێک کە لە فۆرمدا، کامڵبوونی گەیاندبێتە لوتکە. بەبەردەوامی لە هاتنەدیی پێویستیی ڕوون و ئاشکرای سەردەمی خۆیەوە سەرچاوەیگرتووە. جوانیناسەکان، چ پێیان بڵێن نیۆرۆمانتیک یان پێیان بڵێن ئێکسپریۆنیست – پێویستە لە گەڕان بەدوای فۆرمدا بەناچاری جۆرێک لە بێفۆرمیی ناوەکی لە خۆیاندا بپارێزن.

لەوانەیە کەسێک بڵێت پرسی لایەنگری هونەری (tendenzkunst) گرنگە. بەڵام لایەنگریی هونەرییش بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لە لایبێرنتی ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا پیشانی ئێمە نادات. بەڵکو ڕێک پێچەوانەکەی ڕاستە، واتە ئەگەر هاوکات لە گۆشەنیگای کۆمەڵایەتی و هونەرییەوە لێی بڕوانیت ئەوا ڕێگەیەکە بەرەو ئەم لایبێرنتە. لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵە لایەنگرانەی کە دەیانەوێت جەوهەر و فۆرمی ئەدەب پێناسە بکەن و لە ژیانی بۆرژواییدا و لە دیدی بۆرژواییەوە ئەگەری دەرکەوتنیان هەیە یان وەک یۆتۆپیا ئەبستراکت و ڕۆمانتیکەکان لە شوێنێک لەودیو ژیانی مادییەوە دەخرێنەڕوو، و هەرگیز بە شێوەیەکی ئۆرگانی لەڕووی هونەرییەوە ئاوێتەی ژیان نابن(ئیبسنی دوایین و گ.کایزەر، ئەرنێست تۆلەر و هتد). لەلایەکی تریشەوە ئەوەندە بە کێشە

ڕۆژانەییەکانی پەیوەست بە ژیانی گەنیوی بۆرژوایەوە سەرقاڵ و مژۆڵ دەبن کە هەرگیز توانای ئەوەیان نامێنێت بگەن بە لوتکەی هونەر.

هەروەها ئەم تەنگژەیە شتێکی ڕێکەوت و هەرەمەکی نیە. بەڵکو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتیی چینی بۆرژوایە -کە بە هۆی دەرکەوتنی بەڵگە مێژوویەکانیەوە و بەبایەخبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پرۆلیتاریا – ئیدی بە بەراورد بە ڕابردوو کەمتر دەتوانن بێلایەنانە ئاماژە بە پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان بدەن. لەبەر ئەوەی چەنێک بۆ بۆرژوای مەحاڵە ڕاستگۆیانە دان بە پێگەی خۆیدا بنێت، ئەوەندەش ڕەخنەگرتنی بێلایەنانە ئەستەمە. ئەوان دەبێت نائومێدانە پەنابەرنە بەر دووڕوویی و ڕیا (نەبوونی سوبێکت و بێسوبێکتیڤیتەیی ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا، فەرمانڕەوایی موتڵەقی فۆرم) یان خۆیان بدەنە دەست ئەو مایەپوچییەی کە دەڵێت هەموو کێشەیەک لەڕێگەی ڕیفۆرم یان چاکسازییەکی ڕواڵەتییەوە چارەسەردەبێت.

کەواتە لە هەر دیدێکەوە لێی بڕوانین– لە دیدی ئەدەب لە پێناوی ئەدەبیشەوە، پێش هەموو شتێک نائومێدی، پێگەی بۆرژوایی ئاشکرادەکات. بەڵام بەڕاستی شۆڕشی پرۆلیتاریا بۆ گۆڕانکاریی هونەر لە شوێنی خۆیدا چ نەخشەڕێگایەکی پێیە؟ لە سەرەتادا ئەم نەخشەڕێگایانە زۆر کەمن. ئەمە لە ئاستی پرۆلیتاریایەکی شۆڕشگێڕ و مارکسییەکدا نیە کە خۆی لە

یۆتۆپیاکاندا ون بکات کە ئەگەرە شیاوەکانی واقیعیان تیا پشتگوێخراوە.

لەمە گرنگتر ئەوەیە کە نابێت ئەمە لەبیربکات هونەری شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا لەڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە لە پێگەیەکی نەشیاوتردایە، ئەویش بەبەراورد بە هونەری بۆرژوایی شۆڕشگێڕانەی سەدەی ١٧ و ١٨. لەو سەردەمەدا فۆرمە کۆمەڵایەتییە ئابورییەکانی ژیانی بۆرژوایی لە هەناوی جیهانی فیودالیدا درێژەیان بە گۆڕانکاریی خۆیان دەدا. نوسەرە بۆرژواکان لە پێگەیەکدا بوون کە دەیانتوانی شێوەیەکی بێمیدیۆم و پڕهەست بەم چەشنە لە بوون ببەخشن. ئەوان هێشتا دەیانتوانی باوەڕیان بە پەیامەکەیان هەبێت بۆ ڕزگاریی مرۆڤ(ڕۆمانی ئینگلیزیی سەدەی هەژدە، دیدرۆ و لیسینگ و هتد). لەبەرامبەردا، سەرەڕای هەموو هەڵچوونەکان و هەستانەوەکانی کۆمەڵگا، ژیانی پرۆلیتاریا لە جیهانێکدا بەردەوامە کە ستراکتۆرە بنەڕەتییەکەی (دەسەڵاتی یاسای بەها، یاسا یەکسان و ئەبستراکتەکان، دابەشبوونی کار و هتد ...) درێژە بە پاراستنی فۆرمەکانی ستراکتۆری سەرمایەداری دەدات— ئەمەش لەناوچوونی سەرمایەداری نیە بەڵکو وەکو مارکس کە بەشێوەیەکی بێوێنە لە **ڕەخنەی بەرنامەی گۆتادا** پیشانیدا لە قۆناغی پێش کۆمۆنیزمدا ڕوودەدات. ئەم گۆڕانکارییە گەورانەی کە تێیدەپەڕێنین —و شۆڕشگێرە پرۆلیتاریاکان بۆمانی دەستنیشان دەکەن- لەسەرەتادا

لە واقیعی بێمیدیۆمدا لەخستنەڕووی هەستەکانماندا خەلەل دروستدەکەن(مادە و فۆرمی ئەدەبیات). ئەمە "دڵساردی"ـی ئەو دەستەیە لە ڕۆشنبیران پیشاندەدات کە چاوەڕوانییان لە شۆڕشی ڕوسیا، ڕێگەچارەیەکی خێرا بوو بۆ مەحرووومبوونە شەخسیەکانیان.

سەرەڕای ئەمە تەنانەت بۆ نوسەرە سەرمایەدارەکانی ئەورووپای ڕۆژئاواش شتگەلێکی زۆر ڕوویداوە. بۆ ئەو گروپە لە نوسەرەکان کە خۆیان بە شێوەیەکی ناوەکی لە گەڵ شۆڕشی پرۆلیتاریا هاوئاراستە کردووە، بۆ ئەوانەی کە بەڕاستی هەست بە گۆڕانکاریی شۆڕشی پرۆلیتاریا دەکەن، ئەمە ئەزمونێکە کە ڕێگەی چوونەدەرەوە لە پارادۆکسەکانی ئەدەب لە پێناوی ئەدەبدا پیشاندەدات. ڕۆمانی **پیاوێکی چینی ناوەند**، لە نوسینی لیۆنارد فرانک، سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانی، چەند ئاستێک لەو بەرهەمە داستانییانەی کە بەهەمان نەفەس نوسراون بەرزترە. ڕێک لەبەر ئەوەی کە بازنەی ئاراستەوەرگرتنی بەرهەمەکە ڕێگە دەدات تێکەڵاوبوونی هونەر و داینامیکی لەگەڵ شتی کۆنکرێتیدا درووست ببێت—چونکە ئەو ڕقە ئاشکرا و ئاگایانەی لەم ئاراستەگیرییەی کۆمەڵگای بۆرژوایی هەیە، بەرهەمەکەی سەرەوە دەباتە ئەودیوی بێفۆرمیی هونەرەوە، ئەویش لەسەر بنچینەی فۆرمی بێخەوش. بەمپێیەش ئەندرسۆن نیکسۆ توانیی هۆشیاریی چینایەتی لە کرێکاری مەزرایەکدا لەگەڵ وردەکاریی زۆر و

دیدێکی فراوان بۆ جیهان بخاتەڕوو- تایبەتمەندییەک کە لەوانەیە تەنیا لای نوسەرەکانی زێڕینترین سەردەمی بۆرژوایی ببینرێت.

لەکاتێکدا کە لە شوێنەکانی تری ئەوروپا دابەزینی ئاستی ئەدەب و نەبوونی نوسەری بەتوانا زۆر جێگەی داخە، لە ئەوروپا گرووپێک نوسەری بەتوانا و گەنج دەرکەوتوون. لە بەرهەمی ئەم نوسەرانەدا – سەرەڕای کەموکوڕی و بێئەزموونییان– دەشێت بەتەواوەتی هەست بەو زەوییە ڕەق و پتەوە بکرێت، کە وەك مرۆڤ لەسەری وەستاون. وەک بڵێی بە شێوەیەکی بێپێشینە، جۆرێکی نوێ لە ئەدەب، تەواو جیا لە هەموو گۆڕانکارییە ئەدەبییەکانی پێش خۆی، لەسەروبەندی دەرکەوتندایە. ئەوانەی کە خوازیاریی گۆڕانکاریی لەو شێوەیەن و لەمێژە لە چاوەڕوانیدان، ئەو بۆرژوایانەن کە زۆرترین ئینتیمایان بۆ نوسینی بێفۆرم و زێدە فۆرمالیزەی بێهیوایی ئەوروپیانە هەیە (بۆ ئاشنابوون بەم جۆرە ئەدەبە بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی هاوڕێ ترۆتسکی بە ناوی **ئەدەب و شۆڕش**ەوە). بەڵام ئێستا دەشێت هەست بەوە بکرێت نوسەرەکان دووبارە دەستیانکردووە بە تێکۆشین بۆ دۆزینەوەی زەوییەك کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پتەو و سەخت بێت، کە لە جۆری خۆیدا دەتوانێت کاریگەریی بەرچاوی لەسەر فۆرمی نووسین و کەرەستەی خاویان هەبێت. بەڕای من بە هیچ جۆرێک شتێکی ڕێکەوت نیە کە بەهێزترین نوسینی پەیوەست بەم

گۆڕانەوە کە تا ئێستا بەرچاوم کەوتبێت، بەرهەمی هۆشیارترین پرۆلیتاریا و نوسەری کۆمۆنیست واتە **لیبدنسکی**یە. بەمپێیەش ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی پرۆلیتاریایی و کۆمۆنیستییە کە دێتەدی. پرۆسەیەک کە وای لێ چاوەڕواندەکرێت بەسەر کۆمەڵگای بۆرژوایی(و کێشەکانی هونەرەکەی)دا سەرکەوێت. بێگومان بەهەمان شێوەی وتەکەی مارکس، یاسا هەرگیز ناتوانێت لە ستراکتوری ئابووری کۆمەڵگا زیاتر کاربکات و ڕۆڵ بگێڕێت، ئەدەبیش لە ئەنجامدانی کارێکی وەهادا دەستەوەسانە. سەرەڕای ئەمە ڕێک ئەوکاتەی کە چاوەڕوان نین هیچ شتێکی ناوەخت ڕووبدات و لەپڕ ڕێگەچارەیەک بۆ هەموو کێشەکان لە بەردەمماندا بکرێتەوە، ئیدی ئەو پێشکەوتنە مەزنانەی کە لەلایەن شۆڕشی پرۆلیتارییەوە تۆماردەکرێن لە بەردەمماندا دەکرێنەوە؛ ئەو پێشکەوتنانەی کە لە ژێر سێبەری ئەم شۆڕشەدا ئەدەبیش لێی بێبەش نابێت.

سەرچاوەکان:

١. گۆڤاری artcult
٢. http://www.thesis11.com/Article.aspx?Id=159

٣. file:///C:/Users/NooR/Downloads/lukacs_the-_fundamental_dissonance_of_exitence.pdf

